# نزای ڕوقیه کردن: ( بِسْمِ الله أرْقِيكَ، مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ، مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِد، اللهُ يَشْفِيك، بِسمِ اللهِ أُرقِيك )

له ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: جبریل هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وپێی فەرموو: «ئەی موحەمەد، ئایا نەخۆشیت؟»، فەرمووی: «بەڵێ»، ئەویش (جبریل) فەرمووی: «(بِسْمِ الله أرْقِيكَ، مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ، مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِد، اللهُ يَشْفِيك، بِسمِ اللهِ أُرقِيك)*». *(واتە: بەناوی خودا ڕوقیەت بەسەردا دەخوێنم -بۆئەوەی خودا شیفات بۆ بنێرێت-، لە هەموو شتێک کە ئازارت دەدات، ولە شەڕی هەموو نەفس وچاوێک کە حەسوودیت پێ ببات، خودا شیفات بۆ بنێرێت، بەناوی خودا ڕوقیەت بەسەردا دەخوێنم)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

جبریل کە بەڕێزترینی فریشتەکانە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وپرسیاری لێکرد وپێی فەرموو: (ئەی موحەمەد، ئایا نەخۆشیت؟)، فەرمووی: (بەڵێ)، ئەویش (جبریل) فەرمووی: (بِسْمِ الله أرْقِيكَ، مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ، مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِد، اللهُ يَشْفِيك، بِسمِ اللهِ أُرقِيك)*، ئەمە نزای جبریلە بۆ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-. کاتێک پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: بەڵێ، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر نەخۆش حاڵی خۆی بۆ خەڵکی باس بکات ئەگەر نەخۆش بوو ئاساییە و بەتایبەت ئەگەر پرسیاریان کرد، وئەمە لە ڕوانگەی سکاڵا کردنەوە نییە، سکاڵا ئەوەیە کە بڵێیت بە خەڵکی: خوای گەورە منی نەخۆش کرد بە ئەمە وئەوە، وڕەخنە لە خودا بگرێت ونارەزایی دەرببڕێت ئەمە نەهی لێکراوە، بۆیە یەعقوب -علیه السلام- فەرمووی: (قَالَ إِنَّمَآ أَشْكُوا بَثِّى وَحُزْنِىٓ إِلَى اللَّهِ) [یوسف: 86] واتە: {ووتی من سکاڵا و دەردی دڵ و خەفەت و پەژارەم هەر لای خوادەکەم}، وکاتێک دەفەرموێت: (مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِد : ولە شەڕی هەموو نەفس وچاوێک کە حەسوودیت پێ ببات): لە شەڕی هەموو نەفسێک لە مرۆڤ یان جنۆکە یان هەرشتێکی تر بێت یان شەڕی چاوی حەسوود کە خەڵکی پێی دەڵێن چاوی پیس، وچونکە حەسوود -پەنا بە خودا- حەز ناکات خوای گەورە نیعمەت ببەخشێت بە بەندەکانی، مرۆڤی حەسوود ناخێکی پیسی ودڕندەی هەیە، ونەفسی پیس وحەسوود لەوەیە شتێکی لێوە دەربچێت کە زیان بەو کەسە بگەیەنێت کە حەسوودی پێبراوە (چاوی لێدراوە). (اللهُ يَشْفِيك : خودا شیفات بۆ بنێرێت): واتا شیفای بدات وهەموو نەخۆشییەک لەسەرت لاببات. وکاتێک دەفەرموێت: (بِسمِ اللهِ أُرقِيك:بەناوی خودا ڕوقیەت بەسەردا دەخوێنم): ئەمیش بۆئەوەیە سەرەتا وکۆتایی نزاکەی بە ناوی خودا کۆتایی پێ بهێندرێت. *(واتە: بەناوی خودا ڕوقیەت بەسەردا دەخوێنم -بۆئەوەی خودا شیفات بۆ بنێرێت-، لە هەموو شتێک کە ئازارت دەدات، ولە شەڕی هەموو نەفس وچاوێک کە حەسوودیت پێ ببات، خودا شیفات بۆ بنێرێت، بەناوی خودا ڕوقیەت بەسەردا دەخوێنم)



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee